فەرمانگەی کۆچ

# مەرجی دابین بوونی بژێوی لە پرۆسەی یەکخستنەوەی خێزانیدا بۆ کەسێك کە پێگەی پەنابەریی وەرگرتووە

ئەم ڕێنماییە تۆ دەگرێتەوە، ئەگەر تۆ لە فینلەندا پێگەی پەنابەریت وەرگرتووە یان لە چوارچێوەی ڕێژەی جێگیری ساڵانەی پێشوازی لە پەنابەرانی فینلەندا پەسەند کراویت.

ئەندامانی خێزانەکەت دەتوانن لەسەر ئەو بنەمایەی کە تۆ مۆڵەتی مانەوە (ئیقامە)ت هەیە لە فینلەندا، داوای مۆڵەتی مانەوە لە فینلەندا بکەن،

### ئەندامانی کۆنی خێزان دەتوانن لە ماوەی سێ مانگدا داوا پێشکەش بکەن بەبێ بوونی مەرجی دابین بوونی بژێوی

ئەگەر خێزانەکەت بەر لە هاتنت (وەکو داواکارێکی پەنابەری) بۆ فینلەندا یان بەر لە قەبووڵکردنت لە چوارچێوەی ڕێژەی جێگیری ساڵانەی پێشوازی لە پەنابەرانی فینلەندا پێکهێنراوە ، ئەندامانی خێزانەکەت دەتوانن داوای مۆڵەتی مانەوە بکەن **بەبێ بوونی مەرجی دابین بوونی بژێوی، لە ماوەی سێ مانگدا**. کاتەکە لەو ڕۆژەوە دەژمێردرێت کە تۆ زانیاریی بریاری پەنابەرێتیەکەت وەرگرتووە یان لە چوارچێوەی ڕێژەی جێگیری ساڵانەی پێشوازی لە پەنابەرانی پەسەند کراویت.

ئەندامانی خێزانەکەت دەتوانن لە پاش سێ مانگەکەش لەسەر بنەمای پێوەندی خێزانی داوای مۆڵەتی مانەوە بکەن. بەڵام لەو کاتەدا **دەبێت بژێوی ژیانی خێزانەکە زامن کرابێت.**

### بۆ ئەندامی خێزانی نوێ، دەبێت بژێوی ژیان زامن بێت

ئەگەر خێزانەکەت دوای هاتنت (وەکو داواکارێکی پەنابەری) بۆ فینلەندا یان دوای قەبووڵکردنت لە چوارچێوەی ڕێژەی جێگیری ساڵانەی پێشوازی لە پەنابەرانی فینلەندا پێکهێنراوە، ئەو کاتە **دەبێت بژێوی ژیانی خێزانەکەت زامن کرابێت.**

## بەم شێوەیە ئەندامانی خێزانەکەت لە ماوەی سێ مانگدا داوا پێشکەش دەکەن:

ئەندامانی خێزانەکەت پێش هاتنیان بۆ فینلەندا فۆرمی داوای مۆڵەتی مانەوە پێشکەش دەکەن. داواکە دەکرێت بە فۆرمی کاغەز پێشکەش بکرێت لە کۆنسوڵخانە یان ناوەندی پێشکەشکردنی داوای مۆڵەت وە یاخود بەشێوەی ئەلیکترۆنی لە خزمەتگوزاری یەکانی (Enter Finland) ەوە.

### ئەندامانی خێزانت کێن

ئەندامانی خێزان بریتین لە:

- هاوسەر
- پەیوەندیی هاوژینیی تۆمار کراو
- هاوسەری کراوە
- سەرپەرشتیاری منداڵی خوار تەمەنی ١٨ ساڵان
- منداڵی خورا تەمەن ١٨ ساڵان کە هاوسەرگیریی نەکردبێت

### پێشکەشکردنی داوای کاغەزی

چاکتر وایە ئامادەکاریەکانی داوای مۆڵەتی مانەوە یەکسەر دوابەدوای ئەوەی کە مۆڵەتی مانەوە وەردەگریت دەست پێ بکرێت. ئەندامی خێزانەکەت لەوانەیە بۆ نموونە پێویستیان بە ڤیزا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن بچن بۆ ئەو شوێنەی کە کونسولخانەی لێیە

یان ناوەندی پێشکەشکردنی داوای مۆڵەتی لێیە بۆ ئەوەی فۆڕمی داواکانیان پێشکەش بکەن. پێویستە لەسەر ئەندامانی خێزانەکەت مشووری ئەوە بخۆن کە لە کاتێکی زوودا فریا بکەون فۆڕمەکانیان ڕادەست بکەن.

پێویستە لەسەر خێزانەکەت لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی وەزارەتی دەرەوەی فینلەندا finlandabroad.fi چاووبکەن لەوەی لە کوێ و چۆن فۆڕمەکە پێشکەش دەکرێت، هەروەها چۆن کات دەگیرێت بۆ پێشکەشکردنی فۆڕمەکە. فەرمانگەی کۆچ ناتوانێت کاریگەری دابنێت لسەر ئەوەی لە کوێ و چی کاتێك خێزانەکەت دەتوانێت فۆڕمەکە پێشکەش بکات. هەموو ئەو کەسانەی کە داوای مۆڵەتی مانەوە دەکەن دەبێت بچن لەو شوێنە ئامادەبن، منداڵیش.

## ئەگەر بۆ پێشکەشکردنی فۆڕمەکە پێویست بە کات گرتن نەکات:

ئەگەر بۆ پێشکەشکردنی فۆڕمەکە پێویست بە کات گرتن نەکات، دەبێت داواکەت لە ماوەی سێ مانگدا پێشکەش بکەیت.

## ئەگەر بۆ پێشکەشکردنی فۆڕمەکە پێویست بە کات گرتن بکات:

ئەگەر بۆ پێشکەشکردنی فۆڕمەکە پێویست بکات کات بگیرێت، دەبێت خێزانەکەت هەتا بکرێت بە زوویی و ئەوپەڕی لە ماوەی سێ مانگدا پەیوەندی بکەن بەو کۆنسوڵخانەیەوە یان ئەو ناوەندی پێشکەشکردنی داوانامەیە کە لەوێ فۆڕمەکانیان پێشکەش دەکەن. پێویستە لەسەریان بۆ پێشکەشکردنی فۆڕمەکانیان کات بگرن.

کاتێک کاتەکەیان پێ دەدرێت، دەبێت ئاماژە بە هەموو ئەو کەسانە بکرێت کە دەیانەوێت لەو کاتەدا داوای مۆڵەتی مانەوە بکەن.

پێویستە لەسەریان ئەم شتانە ڕابگەیەنن:

- ناوی تەواوی هەموو ئەوانەی کە داوا دەکەن، بەرواری لەدایکبوونیان بە وردی و ڕەگەزنامەکانیان
- ناوی خۆت، بەرواری لەدایکبوونت، ڕەگەزنامەت و ژمارەی کارداریت لە فەرمانگەی کۆچ.

ئەگەر خێزانەکەت کارەکان بەو شێوەیە ئەنجام بدات کە لای سەرەوە ئامۆژگاری کراوە، بەڵام بەهۆی نۆرەی کات گرتنەوە لە ماوەی سێ مانگەکەدا کاتیان بەر نەکەوێت بۆ پێشکەشکردنی فۆڕمەکە، هێشتا هەر دەتوانن سەرباری ئەوەش وەکو ئەندامی خێزانەکەت داوای مۆڵەتی مانەوە پێشکەش بکەن. بەڵام دەبێت خێزانەکەت یەکەمین کات کە دەست دەکەوێت بگرێت و بەکاری بهێنێت بۆ پێشکەشکردنی داواکە.

دەکرێت لەو ماوە دیاریکراوە سێ مانگیەدا لە هەندێك بارودۆخی تایبەتدا لادان بکرێت، ئەویش تەنها ئەگەر هۆی پەسەندکراوی نائاسایی هەبێت بۆ ئەوە.

## پێشکەشکردنی فۆڕمەکە لە ماڵپەڕی Enter Finland (ئینتەر فینلاند)

خێزانەکەت دەتوانێت لەڕێگای تۆڕی خزمەتگوزاری فەرمانگەی کۆچ Enter Finland بشەوە فۆڕمی داوای مۆڵەتی مانەوە پێشکەش بکات (enterfinland.fi). فۆڕمی ئەلیکترۆنی دەبێت لە ماوەی سێ مانگدا پێشکەش بکرێت. دەکرێت لەو ماوە دیاریکراوەدا لە هەندێك بارودۆخی تایبەتدا لادان بکرێت ، ئەویش تەنها ئەگەر هۆی پەسەندکراوی نائاسایی هەبێت بۆ ئەوە.

دوای ئەوەی کە ئەندامانی خێزانەکەت فۆڕمەکە لە ماڵپەڕی Enter Finland پڕدەکەنەوە، ئینجا دەبێت هەر لە دەرەوەی وڵات کەسێتی خۆیان بسەلمێنن. بۆ ئەو مەبەستە لە ماڵپەڕی Enter Finland ڕێنمایی وەردەگرن.

**داوانامەکان بە پارەن**

داواکردن بە پارەیە. نرخی داوانامەکان لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ migri.fi دەبینرێت.

**زانیاریی زیاتر لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ**

زانیاریی زیاتر لەبارەی پێشکەشکردنی داوای مۆڵەتی مانەوە لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ migri.fi دەبینرێت.